**حەسەن ڕەحمان پەناه: هێزی ڕاست و ناسیۆنالیستی کوردستان لەوپەری بێ بەرنامەیی و سەرلێشێواوی دایە**
13:20:08

سالی ڕابردوو سالّی لەیەك ترازان و داڕانی ئەم ڕەوتەبوو کەئەو داڕانەلەشکست و ناکامی سیاسەتەکانییەوەسەرچاوەی دەگرت. ئەم ڕەوتەو حیزبەکانی باوەری بەهێزی جەماوەر نییەو چاو لە دەستی ئەم و ئەوە.

وتووێژی خۆرهەلاّت نیوز لەگەڵ حەسەن ڕەحمان پەناەئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

## سازدانی: هێرش ناسری

## بەشی دووهەم و کۆتایی

بارودۆخی پارتەئۆپۆزسیۆنەئێرانی و کوردوستانییەکان لەئیستادا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام: سەرەتا ئەوەبلێم بە باوری من ئێران زیندووترین کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ڕژیمێك لەم ولاتەدەسەڵاتی سیاسی لەدەستدایە ، نەك هەر لەم ناوچەیەبەڵکوو لە زۆربەی جیهان لەسەرکوت و دیکتاتوری دا کەم وێنەیە. ئەم دەسەلاتە،سی سالە کارەسات بە سەر ئەو خەڵکە دێنێت بەڵام جەماوەری ئەم ولاتەکۆڵیان نەداوە. ڕەوتەئەسڵییەکانی خەبات لەم کۆمەڵگایە، لەوانەبزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، روناکبیری، خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردوستان و.... هەروا زیندوو و لە حالی ململانێ و بەرەو گەشەکردندان.

ئەم تایبەتمەندییەکەئاماژەی پێکرابێ گومان کاریگەری لە سەر حیزب و لایەنە سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەکان هەیە. یەکێك لەباشییەکان و زیندوو بوونی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان ئەوەیەکە گۆرەپانی سیاسی ئەم ولاتەلەلایەن یەك یا چەند حیزبەوەپۆلەن نەکراوەو حیزبی زۆر و جۆراوجۆر لە کۆمۆنیست، ڕاست، چەپ و میانە، هەتا مەزهەبی و سکۆڵار و لیبراڵی تێدا هەیە.

بەلام پێویستە بلێین کە وەزعی ئۆپۆزسیۆن و هێز و ئیمکانات و ڕادەی نفوزیان لە کوردستان و ئێران وەك یەك نییە. کوردستان چەند تایبەتمەندی هەیەکە لەباقی شوێنەکانی دیکەی ئێران جیای دەکاتەوەئەو تایبەتمەندییانەئاوا بەزەقی لەهەموو ئیران بەدی ناکەین. ئەم تایبەتمندیانەبەکۆرتی بریتین لە:

یەکەم: کوردستان کۆمەڵگایەکی حیزبی و حیزبییەت یافتەیە. حیزب و ڕێکخراوی جێ کەوتوو بەسیاست، ڕێباز و کادر و هێزی ئینسانی ناسراوی تێدایە، کەسیماکانی و شێوازی خەباتیان و چی دەکەن و چییان دەوێت بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان روون و ناسراون.

دووهەم: ڕاست و چەپی کوردستان و سکولار و ئایینی ئەم ناوچەیەتا ڕادەیەکی زۆر بۆ خەڵك ناسراون و جەماوەر وەك خۆیان قەزاوەتیان لە سەر دەکەن.

سێهەم: لەکوردستان جەرەیانی کۆمۆنیست و چەپ ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و خاوەن ڕابردووی ڕۆشن و بەرنامەو ستراتێژی دیاری کراو بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی خەباتی چینایەتی و هەروەها خەباتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانە. من لام وایەیەکێك لە هۆکارەسەرەکییەکانی خۆراگری و زیندوو بوونی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە پاش ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ ی هەتاویدا هەتا ئێستا، هەڵسورانی چالاکانە و بەبێ ڕاڕایی جەرەیانی کۆمۆنیست و چەپ لەڕێبەرایەتی ئەم بزووتنەوەبووە کەلەکۆمەڵەدا خۆی نیشان داوە.

چوارم: بێزاری گشتی لەکۆماری ئیسلامی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرەو هاوکار و دەست پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناو خەڵکی کوردستان ریسوا و بەتاقەوەکەوتووەن. مانگرتنی گشتی گلاوێژی 84ی هەتاوی و پاش یەك مانگ خۆپیشاندان و نارەزایەتی ڕۆژانەکەدەیان کەسی تێدا شەهید و بریندار کرا و پریاری ئەم مانگرتنەکەکۆمەڵەدای، نموونەی هوشیاری سیاسی خەباتێکی یەکگرتووانەی جەماوەری نارازی لەدڵی هەل و مەرجێکی زۆر ئاستەنگ و هەستیاردا لەژێر چەپۆکی ڕژیمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆردا بوو کەهەڵقوڵاوی بێزاریکی سیاسی گشتی و

ڕێبەرایەتیەکی ژیر بوو کەبەسەرکەوتنی گەیاند.

پێنجەم: خەبات بۆ کۆتایی هێنان بەستەمی نەتەوایەتی خواستێکی رەوا و بەرحەقەکە خەڵکی کوردستان بۆی تێدەکۆشیت، بەڵام لەبەشەکانی دیکەی ئێران و ئەو شۆینانەی کە ستەمی نەتەوایەتی هەیە، خەبات بۆ کۆتایی بەو ستەمەوەها گوڕ و تینێکی نییە.

شەشەم: خەڵکی کوردستان عادەتی بە خۆ چەکدار کردن و خەباتی چەکداری هەیە، زۆر قەبول ناکات و سەرکوت بەبەرەنگاری وەلام دەداتەوە. ئەم شێوازەلەخەبات تەبعەن خاڵی پۆزەتیف و نێگاتیڤی خۆی هەیە. هێزی جیاواز بەتاکتیك و ستراتژی جیاواز لەم شێوەلەخەباتدا بەشدارن .خەڵکی کوردستان لەپاش ڕاپەرینی 57 و پاش بڕیاری جیهادی خۆمەینی لە28ی گەلاوێژی 58وەهەتا ئێستا قازانجی لە و شێوەخەباتەکردووەنەك زەرەر.

ئەمانەکۆمەڵێك تایبەتمەندی گرینگن کەئێمەئەم تایبەتمەندییانەبەو زەقییەلە هەموو شوێنەکانی ئێران نابینین.

بەڵام پێویستەبڵێم لە هێندێك لەبوارەکاندا لەوانەخەباتی کرێکاری، دانشجویان، ژنان و رۆشنبیران، بەباوەری من خۆ ڕێکخستن و هوشیاری سیاسی لەشوێنەکانی ئێران بە تایبەت لەشارەگەورەکان لە ئاست کوردستان لەسەرتر و لەپێشترە.

سەبارەت بەوەزعی ئۆپۆزسیۆن چ لە کوردستان و چ لەئێران، ناتوانین هەڵسەنگاندنێکی یەك دەستمان بۆ هەموو مەیل و هێزەکان وەك یەك هەبێت. بەڵام بە گشتی وەزعی ئۆپۆزسیۆن لەئێران باش نییە. لەو نێوەدا وەزعی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و پاشان لیبراڵ و بورژوازی لە هەموو خەراپتر و چەپ وەك ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی، لەوان زۆر باشتر، خۆشناوتر و جێگای متمانەترە. بەڵام هێشتا ئەم رەوتەچەپەپرژوبڵاو و ئاڵۆزەو بە سەر حیزب و مەیلی جۆراوجۆردا دابەش بووە. یەکێك لە کەلێنەکانی بۆشایی سیاسی ئێران و گەلالە نەبوونی بەدیلی شۆرشگێرانەلە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی وەك هێزیکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە جەماوەر متمانەی پێ بکات،گرفتی بلاوی هێزەچەپ و سوسیالیستەکانە.

کۆمەڵگای کوردستان لەم بابەتەوەفەرق دەکات. چەپ و راستی دیارە. هێزی ئاینی ئۆپۆزسیۆن غەیر یاسایی کەدیار و نفوزی جەماوەری لەکوردستان بێت کەزۆرتر لەسلەفیەکان و موفتی زادەیەکاندا خۆ دەنوێنن، کەم رنگە و ئەمەجێگای دڵخۆشییە.

هێزی راست و ناسیۆنالیستی کوردستان لەوپەری بێ بەرنامەیی و سەرلێشێواوی دایە. سالی ڕابردوو سالی لەیەك ترازان و داڕانی ئەم رەوتەبوو کەئەو داڕانەلەشکست و ناکامی سیاسەتەکانییەوەسەرچاوەی دەگرت. ئەم رەوتە و حیزبەکانی باوەری بەهێزی جەماوەر نییەو چاو لە دەستی ئەم و ئەوە. ئۆپۆزسیۆنی ناياسایی ئەم رەوتەهەتا دوێنی دڵی بەوەخۆش بوو کە بوش کۆماری ئیسلامی بۆ دەروخێنێت و بەدەسەڵات دەگات. ئێستا کەئەوەڕوی نەداوە، دڵخۆشی خۆی دەداتەوەکەئۆباما پشتیوانی لە"بزووتنەوەکۆمەڵایەتییەکان دەکات" و گەشەدەستێنن و بەهێز دەبێ. ئۆپۆزسیۆنی یاسایی ئەم ڕەوتەلە ناوخۆی وڵات جارێکی دیکەدڵی بەئیسلاح خۆازان و خاتەمی خۆش کردووەو بەکۆکردنەوەی نامە و تۆمار لە بەری دەپارێتەوەبێتەوەساحەی کێبڕکێی سەرۆك کۆماری و هیوای پێ بەستووە. لەبەرانبەر ئەم ڕەوتەناسیۆنالیست، لیبراڵ و حیزبەکانیدا، رەوتی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان کەخۆی لەکۆمەڵەدا دەبینێتەوەلە هەموو کات زیاتر حەقانیەتی سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە مەڕ ڕوداوەکانی ناوچە، ئێران و کوردستان دەرکەوتوەو پێگەو ئیعتباری کۆمەڵایەتی زیاتر بووە. لە گەڵ بزووتنەوەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر تێك هەڵپێکراون و توانا و زەرفیەتی بۆ ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان زیاتر نیشان داوە. سەرجەم و بەگشتی من بەرەی چەپ و سۆسیالیست وەك بەدیل و ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت و ئەگەر دەسەلاتی ئیسلامی لەئاکامی سەر هەڵدانی ڕاپەرین و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بروخێت،پێی خۆشبین و هیوا بەخش دەبینم.

پێك هێنانی بەرەی كوردستانی چی لێهاتەوە، ئێوەوەك كۆمەلە(رێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی ئێران) ئامادەن لەگەڵ هەر دوو كۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتكێشان و كۆمەڵەی زەحمەتكێشان بچنەبەرەیەكەوە؟

وەڵام: پێك هینانی "بەرەی كوردستانی" لە لایەكەوەبە هۆی جیاوازی ستراتێژی و شێوازی خەبات لەدژی كۆماری ئیسلامی، و هەروەها بەهۆی بێ باوەری زۆربەی ئەو حیزب و لایەنانەلە كوردستان بەهێزی جەماوەری خەڵك و بەكردەوەهیواخواستن بۆ دەخالەتی دەرەكی بەهێزی سەربازی لە دژی كۆماری ئیسلامی و لەلایەكی دیكەوەبەهۆی  جیابوونەوەو داپرانی حیزبەكان لەسالی رابردوودا، بە كردەوەهیچی بۆ نەكراوەو بەبنبەست گەیشتووە. بەڵام هێندێك لەلایەنەكان لە كاتی سەردانی یەك و بۆ ئەوەی قسەیەكیان كردبێت كەلە سایتەكان و كانالەكانی ڕاگەیاندن باسی لێ بكەن، باس لەپێك هینانی "بەرە" یان هاوكاری لەگەڵ یەك دەكەن.

ئێمەوەك كۆمەڵەهیچ چەشنەپێوەندی یەكی رەسمی و سیاسیمان لەگەڵ سازمانی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران كەسالی 2000ی زاینی لەئێمەجیا بوونەوەو پارەكەبوون بەسێ بەش نییە. بەڵام گرژیش لە نێوانماندا نییەو لەئاستی نوێنەرایەتیمان لەشاری سلێمانی پێوەندیمان هەیەو ئەگەر كار و بارێك یان مەسئەلەیەك بێتەپێشەوەلەو ڕێگاوەچارەسەری دەكەین.

پێك هێنانی "بەرە" یان هاوكاری بەتەنیا لەگەڵ ئەو دوو، سێ لایەنەی كەئێوەباستان كرد بۆ كۆمەڵەمەوزوعیەتی نییە و ئێمەئەو كارەناكەین.

لە بواری پێك هێنانی بەرەیان هەر ئاستێكی دیكە لە هاوكاری،كۆمەڵەبیر لەهاوكاری فراوانتر و بەرین تر لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنەكان بەبێ جیاوازی دەكاتەوەو لەوەها كات و هەلومەرجێكدایەكەبەرەیان چەشنێكی دیكە لە هاوكاری پێك هات ئێمەبوون و نەبوونی هیچ كام لەو لایەنانەناكەین بە مەرجی بەشداری كردن یان نەكردن.

ئەمرۆ پاش 8 سال داپرانی ئەوان لەكۆمەڵەو سێ پارچەبوونیان و هەروەها ئەو سیاسەتانەی كەئەمرۆ هەركامەیان ڕەچاوی دەكەن بۆ زۆربەی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان، بەتایبەت بەشی هوشیار و بە ئاگای ئەو خەڵكە، جیاوازییەكانمان روون و ئاشكران. من لام وایەئەو لایەنانەكۆمەڵەنین، بەڵكوو دژ بە كۆمەڵەو ڕابردوویش كار دەكەن. خۆزەگەحیزب، ریكخراوە، ئەنجومەن یان تاكی كوردستان كەزۆر لەژیر كاریگەری فەرەنگ و كلتووری رۆژهەڵاتی ناوەراست و عەشیرەگەری ئیسلامیدان، فێربواین كەچین، چۆنو كێن،ئاوا خۆیان بەجەماوەر بناسێنێت.

لایەنێك كەلەحیزبێك یان ڕێكخراوێك جیا دەبێتەوە، حەتمەن كێشەو موشكلی سیاسی و فیكری و ڕێكخراوەیی هەیە، ئەگەر وایە، حەق وایەسەر لێشیواوی بۆ خۆی و خەڵكیش دروست نەكات و بەپێی سیاسەتی تازەو ڕێبازی تازەخۆی پێناسەبكات و ناوی‌تازەیش بۆ خوی دیاری بكات. ناكرێت چۆلەكەرەنگ كەیت و بەنەرخی قەناری بیفرۆشیت.

بۆیەكۆمەڵەبەسیاسەت، ئیدئۆلۆژی، ستراتێژی و پراتیكی دیاری كراو دەناسرێتەوە. نەقەت چاوی لەزلهێزەكان و رزگاری بەدەستی ئەوان بووە، نەهیچكات خۆشباوەری بەدەسەڵاتی ئیسلامی بووە، نەقەت حیزبی بێ ئیدئۆلۆژی و بێ سیاسەت بووە و نەقەت خزمەتكاری لایەنێكی دیكەبووەكەبەڕاوڕووت و زەخت و زۆر منداڵی خەڵكیان بۆ برفێنێت و بۆیان بەرێت.

بێ گۆمان هەموو ئەو كردەوانەبە ناوی كۆمەڵەدژ بەفیداكاری و قارەمانەتی هەزاران تێكۆشەری گیان بەختكردوو و بنەماڵەكانیان و كۆسپێكی گەورەی سەر ڕێگای هاوكاری ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانەیە.

دەنگۆی ئەوەهەبوو كەچەند پارتێكی ئۆپۆزسیۆنی كوردی كەلەحزبەكانی دیكەجیابوونەتەوە، بەبێ بەشداری حیزبی دایك بەرەپێك بێنن، ئێوەتا چەند لەوەئاگادارن، تا چەند ئەگەریی دروست بوونی دوو بەرەی جیاوازی كوردستانی لە سەر دەستی پارتەئۆپۆزسیۆنەكوردییەكان لەئارا دایەو هەڵوێستتان لەو بارەیەوەچییە؟

وەڵام: ئێمەئاگاداری ئەو هەوالەهەین و بۆ ئەو دانیشتنەبانگهێشت كراوین .بەلام بەهۆی ئەوەی

کەپێمان وایەئاکامێکی نابێت و ریگا بەجێگایك نابات بەشداریمان تێدا نەکرد.

باس لەسەر پێك هێنانی بەرەیان هاوکاری حیزب و پارتەکانی کوردستانی ئێران زۆر لەمێژەلەئارادایەو هێندەوتراوەو دروشمی بۆ دراوەو سوێندی پێ خۆراوەلە ناوەرۆکی ئەسلی کە"بەرە"یا "هاوکاری" یا هەر شتێك بێت دوور کەوتۆەتەوە. ئێمەپێمان وایەکێشەی سەرەکی ناو نییەبەڵکوو ناوەرۆکە. زۆر یەك لەو هێز و لایەنانەئێستاش نازانن چی دەکەن و وەدوای چی کەوتوون. هەروەها لێکدانەوەیەکی دروست و عەینییان بۆ رووداوەکانی ناوخۆی کوردستان و ئێران و ناوچەکەنییە. زۆربەی ئەو حیزبانە"بەرە" یا هاوکاریان بۆ وەلام دانەوەبەویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و بەهێزکردنی ریزی خەباتی ئەوان لەناوخۆی وڵات لەبەر چاو ناگرن. کەسانێك "بەرەیان" بۆ ئاوردانەوەی ئەمریکا لەخەڵکی کورد و رووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەدەستی ئەمریکا یا دروستکردنی زۆنێکی ئەمنیەتی لەکوردستان بۆ دەسەڵاتداریەتی فەردی و حیزبی خۆیان دەوێت. کەسانێك بۆ ئەوەیان دەوێت بۆ نموونەخەباتی چەکداری تێدا بەهێز کەن تا گوشاری زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ دانیشتن و ساتوو سەودا پێك بێنن. کەسانێك لەحیزبەکانیان دابراون و هەر بەو ناوانەوەکار دەکەن و دەیانهەوێت ناویان مەترەح بێت. حیزبەچکۆلەکانیش هێندێکیان پاشکۆی حیزبەکانی دیکەن و پێ یان وایەکەس نازانێت و هەندێکیان کەحیزب نین دەیانهەوێت ئەدای حیزب دەر بێنن.

کۆمەڵەخاوەنی سیاسەتێکی روون و ئاشکرا بۆ هاوکاری حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەرەسەنەکانی کوردستانە. ئەو هاوکاریەناوی "بەرە"، "جبهە"، "کاری هاوبەش"، هاوکاری یا هەر شتێکی لەو چەشنەبێت، گرینگ ناو نییە، بەڵکوو هەروەك ئاماژەی پێکرا ناوەرۆکە،کەسەرەڕای بیر و بۆچوونی جیاواز، لەحزمەت بەبەهێز کردنی خەبات و یەك ریزی خەڵکی کوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی بێت.

کۆمەڵەشەرتی بۆ هاوکاری نییە و شەرتیش لەکەس قەبول ناکاتو هیچ هێزێکیش لەو هاوکارییەدەر ناهاویت، مەگەر لایەنێك بۆ خۆی نەیێت. هاوکاری نێوان حیزب و رێکخراوەکان بە لای ئێمەوەنەبۆ پێك هێنانی حیزبی هاوبەش و یەك بوونی فکری و ئیدۆلۆژی و نەبۆ شاردنەوەی بیروباوەر و ئامانجەکانمانە،بەڵکوو هەر وەکوو چۆن دەبێ خاڵەهاوبەشەکانمان روون بێت، جیاوازییەکانیشمان دەبێت ئاشکرا بێت.

کۆمەڵە باوەری قولی بەپلۆرالیزمی سیاسی و تۆلەرانس هەیەو پێمان وایەدەسەڵات مڵکی جەماوەرەو دەنگ و ڕای ئەوان لە ناوخۆی وڵات، گەورەو چکۆلەیی هەر هێزیك لەپاشەرۆژدا دیاری دەکات.

بەڵام ئێمەکۆمەڵێك ئوسول یان پرەنسیبی خۆمان بۆ هاوکاری هەیەکەهیچی حیزبی نییەو هەموو داخوازی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانەو هەر هێزێك کەخۆی بەبەشێك لەو خەڵکەبزانێت پێویستەپێی پایەبەندبێت. ئەو خاڵانەبریتین لە:

* هەوڵدان بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەرێگای خەباتی جەماوەری و بەدەستی خەڵکی ئێران و کوردستان.

* دەسەڵات ئەمری جەماوەر ومافی بێ ئەملا و ئەولای ئەوانە.

* بە رەسمیەت ناسینی ئازادی بێ قید و شەرتی سیاسی بۆ هەموو حیزب و لایەنەسیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی لەکوردستان.

*ئەنجام نەدانی دانوساندن و وتووێژی یەك لایەنەلەگەل کۆماری ئیسلامی

* بە رەسمیەت ناسینی ئازادی بیر و باوەر و ئەندێشەلە کوردستان.

* بەرەسمیەت ناسینی جیایی دین لەدەوڵەت.

* بەرەسمیەت ناسینی بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ناو بنەماڵە.

* بەرەسمیەت ناسینی جیاوازی بیر و باوەر و حیزبی جۆراوجۆر (پلورالیزمی سیاسی) دەست

نەبردن بۆ چەك لەكاتی كێشەو ئیختلافاتی ناوخۆ، بەڵكوو چارەسەر كردنیان لەرێگای سیاسی و وتووێژەوە.

* ----------

هەر حیزب و لایەنێك ئەم ویست و داخوازانەكەماف و داخوازی رەوای خەلكی كۆردستانن بە رەسمیەت بناسێ و بەكردوەهەوڵی بۆ بدات و لەگۆرەپانی خەباتی سیاسی و جەماوەری كوردستاندا پێگەو جێگای هەبێت، ئێمەئامادەی هاوكاری كردنین لەگەلیاندا.

ماوەیەكی زۆرەكەلە ناو رێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی ئێران (كۆمەڵە) رەوتێك بە ناوی "فراكسیۆن" پێك هاتووە، دەكرێ باسی چۆنیەتی پێك هاتنی ئەو رەوتەو هەڵوێستەكانی ئەو رەوتەمان بۆ بكەی؟

وەڵام: راگەیاندنی رەسمی ئەو "فراكسیون"ەنزیكەی مانگێك پێش كونگری ١٣ی كۆمەلەلەهاوینی ئەمسالدا بوو.بەلام مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانی بە رەسمی ئەو رەوتەدەگەرێتەوەبۆ هاوینی ٢٠٠٠ی زایینی و جیابوونەوی سازمانی زەحمەتكێشانی كوردستان لەكۆمەلەكەپارەكەبوون بەسێ بەش. ئەوكات چەند كەس لەئەندامانی ئێستای ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ چەند ئەندامی دیكەی حیزب كەئەو كەسانەدواتر ئیستعفایان دا و لەگەڵ ئێمەنەمان و لەزەحمەتكێشان نزیك بوون، كۆرێكیان بەناوی "گروهی وەحدت" دروستكرد كەلەدەرەوی ئێمەیش چەند كەسی دیكەهاودەنگیان بوون. ئەو كۆرەبۆ یەك گرتنەوەی كۆمەڵەو سازمانی زەحمەتكێشان كاریان دەكرد.

بەڵام بە هۆی كۆمەلێك هۆكار و بەتایبەت دووركەوتنەوەی بەپەلەی سازمانی زەحمەتكێشان لەئامانجەكانی كۆمەڵەكەپێش جیابوونەوەیانبۆ زۆر كەس لەئێمەئاشكرا و چاوەروانكراو بوو كەبەرەو كوێ دەچن،لەكردەوەدا ئەو كۆرەتێك چوو. ژمارەیەك لە هاورێیانی ئێمە بە ڕواڵەت رەخنەیان لەقەوارەیان بەوتەی خۆیان "تابلۆی" حیزبی كۆمۆنیست گرتبوو و پێیان وابوو "ئەم حیزبەوجوودی خارجی نییەو هەرچی هەیەكۆمەڵەیەو تەنیا بەناوی كۆمەڵەوەچالاكی بكەین"، زیاتر لەكۆمەلەدوور كەوتنەوەو لەبیروباوردا لەو كەسانەنەزیك بوونەوە. بۆ زۆربەی كادر و ئەندامانی حیزب و كۆمەڵەئاشكرا بوو كەئەم دۆستانەكێشەی "تابلۆ" ناكەن بەڵكوو باس لەسەر ناوەرۆكی تابلۆكەیەكەشتێك بەغەیری بیر و باوەر، سیاسەت و ستراتێژی نییە. پاش بێنە و بەرەیەكی هەشت سالە، سەر ئەنجام مانگێك پێش كونگرەی ١٣ی كۆمەڵەكە هاوینی ئەمسال بەسترا، ئەو هاورێیانەبە كۆی 45 كەس لەدەرەوی وڵات و ناو هێزی پێشمەرگەی كۆمەلە، خۆیانیان بەناوی "فراكسیۆنی فەعالیەت بەناوی كۆمەڵە" ناساند. ئەم جەمعەبەپشت بەستن بەچەند كەس لە كادر و هەڵسوراوانی پێشتری كۆمەلەكەبەنهێنی ماوەیەكی دوور و درێژ بوو كاریان دەكرد، لەبەیانییەكدا كەسەنەدی فكری و سیاسی ئەوانەبۆچوونەكانی خۆیان ڕاگەیاند كەلە زۆر بووارەوەبەرانبەر بە سیاسەت و ئامانجی ناسراوی كۆمەڵەبوو. جیا لەبواری فكری ،لە بواری كاری ڕێكخراویشدا ئەوان خۆازیاری ئەوەبوون و هەن كەكۆمەڵەبەتەنیا لە كوردستان چالاكی بكات و ببێت بە رێكخراوێكی كوردستانی كە ئەمەلەگەڵ هیچ دەورەیەك لەمێژووی كۆمەڵەناگۆنجی. ئەوان پێشتر دەیانووت ئێمەلەگەڵ قەوارەو چوار چێوەی "حیزبی كۆمۆنیستی ئێران" مۆخالفین،بەلام لەو بەیانیەدا بەئاشكرا دەلێن تەنیا باس لەسەر حیزب و سیاسەتەكانی نییە، "بەڵكوو سیاسەتەكانی كۆمەڵەیش دەبێ پێدا چوونەوەی پێدا بكرێت" بەبێ ئەوەی باس لەو سیاسەتانەبكەن. دیارەئەوان سیاسەتی ئارام و بەكاوەخۆیان گرتووەتەپێش و دەیان هەوێت پێداچوونەوەیەكی بنەڕەتی بەهەموو سیاسەتەچینایەتی و كۆمۆنیستییەكانی كۆمەڵەو حیزبدا بكەن و لەكەنار ئەوەیشدا ئیمكاناتی دروستكردنی رێكخراوێكی تازەلەگەل ئامانج و بیروباوەری تازەیان بەدەست بێنن. هەر چەند كەپێم وایەتواناى فكری ئەوەیان نییەو دۆستەكانیان لەدەرەوەی ئێمەزیاتر هانیان دەدەن. بەڵام ئەو رێباز و فكرەی كەئەوان هەولی بۆ دەدەن بە باوەری من لەمێژەتەجربەكراوەو ناكام ماوەتەوە. دوایین تەجرەبەی جیابوونەوەی سازمانی زەحمەتكێشان لە كۆمەلەو ئەو چارەنووسەبوو كەتووشی هات. بۆیەئەم بۆچوونەكەسۆسیال دێمۆكراسییەكی كوردیە و من بەسۆسیال- ناسیونالیستی دەشوبهێنم، لەبەرانبەر ڕەوتی كۆمۆنیستی كۆمەڵەكەنزیكەی 40 سال خەباتی نهێنی و ئاشكرا دەكات، و بەكۆمۆنیست و كرێكار و

خەباتی چینایەتی و هەوڵدان بۆ کۆمەڵگای ئازاد و یەکسان ناسراوە، بەبیری ناسیۆنالیستی و سۆسیال دێمۆکراسی کوردی و بەرێکخراوی ئۆستانی بەجێگای سەرتاسەری پێناسەناکرێت و ئامانج و بیروباوەری ئەوان بەدژایەتی لەگەڵ مێژوی 40 سالەی کۆمەڵەدەزانم.

رەوتی فراکسیۆن لەچەند بەیاننامەیەك دا کەپێشتر بڵاویانکردۆتەوە، ئاماژەیان بەوەداوەکەئەوان خۆیان بەکۆمەڵەدەزانن و نایانهەوێت و ئامانجی جیابونەوەیان لەکۆمەڵەنییە، بەڵام ئەوەلایەنی بەرامبەری ئەو رەوتەیەدەیەوێ ئەوان لەناو حیزب دەرکات و بەجیاییخوازیان لەقەڵەم بدات، تا چەند ئەو دەنگۆیانەراستن وبۆمان روون بکەوە؟

وەڵام: ئەوەی کەئەو "فراکسیۆنە" خۆیان بەکۆمەڵەدەزانن، تا ئێستاش ئەوان بەناو هەر بەشێکن لەئەندامانی کۆمەڵەو حیزب و کەس نەی ووتووەئەوان لەدەرەوەی ئەو حیزبەن یان کۆمەلەن. بەلام کردەوەی رۆژانەی ئەوان لەدژی ئەو حیزبەیەکەبەروالەت هێشتا ئەندامین. ئەوەی راستی بێت و ئەوەی کەئەوان داوای دەکەن چ لە باری فکری و سیاسی و چ لە باری ستراتێژی و چۆن هەڵسوران و قالبی ریکخراوەیی، لەگەڵ تێکۆشان و مێژووی کۆمەڵەناتەبایە و ئێمەئەو راستیەمان پێ وتوون.

ئەوەی کەگۆیا لایەنی بەرانبەر واتەزۆرینەی ٩٥ دەرسەدی حیزب و کۆمەڵەدەیانهەوێت "ئەوان دەرکات وبەجیاییخوازیان لەقەلەم بدات" ئەو ئیدیعایەی ئەوان زور دوورەلەراستی. بەلام راستیەکەی ئەوەیەکەئەوان هەم بەبیر و باوەر وهەم لەکردەوەدا خۆیان لەتەشکیلاتی حیزب و کۆمەڵەجیا کردووەتەوە.ئەوان بەو کەمینەبچوکەوەخوازیاری هەلوەشانەوەی حیزبن و دەبێت زۆربە(ئەکسەریت) بەقسەیان بکات. بەلام کاتێك ئەکسەریت(زۆرینە) لەکونگرە،لەپلینۆم، لەکۆبونەوەکانی تەشکیلاتی و بەسەنەد و بەلگەو بەپێی پیرەوی ناوخویی پێیان دەلین و ئیسباتی دەکەین کەئەو "فراکسیون" و شێوەکاری ژێر بەژێرەی ئەوان لەگەل باوەر و پرنسیپەکانی ناسراوی کۆمەلەو حیزبی کومونیست ناگونجێو ئەوەئەوانن ئەگەر بیان هەوێت لەگەل ئەم ریکخراوەبمێنەوەدەبی دەست لەو شێوەکارەهەلگرن و ناتوانن بەو ناوەوەهەلسوران لەنێو ئێمەدا بکەن ،هاواریان دەچێتەئاسمان و دەلێن دێموکراسی نییە؟ معلوم نییەئەو دێموکراسی یەی ئەوان لەچنەوعێکە و نمونەکەی لەکۆیی دیکەدەبینین؟!ئەوان خۆیان موتەعەهد و پابەند بەقەرار و بریارەکانی تەشکیلات نازانن و سەرپێچی لێ دەکەن. لەگەڵ جەمعێکی دیکەسەرقاڵی هەڵسورانی ژێر بەژێر و نهێنین. بەئاشکرا رەهبەری و سەرکردایەتی خۆیان هەیە. کۆبوونەوەی ئاشکرا و داخراو دەگرن و لە چاوی ئەندامان و هەڵسوراوانی حیزب و کۆمەڵەی دەشارنەوە. کۆمیتەو بەرپرسیان بۆ لایەنگران لە کوردستانی عێراق داناوە. بۆ نموونەلەسەر "یاسای فرەژنی" کە لە لایەن پارلمانی کوردستانی عێراقەوەلەمانگی 11 پەسندکرا ڕاگەیاندنیان بەناوی "فراکسیۆنی چالاکی بەناوی کۆمەڵە" دەرکرد کەکەس نەیزانی حیکمەتی ئەو ڕاگەیاندنەبەغەیری ئەوەی کە"بڵێن ئێمەهەین" چی بوو. چۆن کۆمەڵەلە هەموو کەس زیاتر لەدژی ئەو یاسا پیاوسالار و کۆنەپەرستانەیەرۆیشت و لەقاویدا. مەئموریان لەسنوور داناوەکە"سی دی" و نوسراوەیان بۆ بنێرێتەوەبۆ ناوخۆی کوردستانی ئێران. لەگەڵ زۆر کەس لەدۆستان، لایەنگران و بنەماڵەی گیانبەخت کردووانی کۆمەڵەلە ناوخۆی وڵات پەیوەندییان گرتووەکەکار لەگەڵ ئەوان بکەن و زۆر شتی دیکە. ئەگەر ئەمانەبەئاشکرا جیا بوونەوەو دروستکردنی ڕێکخراوێکی دیکەنییە ؟ ئەیچییە؟ ئەوەی راستی بێت ئەوان بەبیر و باوەر و بەکردەوەسەرقاڵی دروست کردنی رێکخراوێکی دیکەلە ناو ئێمەدان. ئێمەئەم چەشنەکار و هەڵسورانەمان لێ قەبوول نەکردووەو نایکەین و بەمەشروعی نازانین. بۆیەئەوەئەوانن کەعەمەلەن خۆیان جیا کردووەتەوە، بەلام لەلایەکەوەدەزانن لەوەها پرۆژەیەکدا سەرکەوتوو نابن و لەلایەکی دیکەوەهێشتا ئیمکاناتی سەربەخۆ بوونیان بەتەواوەتەی بۆ ئامادەنەکراوەبویەبەئاشکرا رایناگەینن

یەکێك لەداواکانی رەوتی فراکسیۆن جیاکردنەوەی کۆمەڵەیەلەحزبی کۆمۆنیستی ئێران و کارکردن بەناوی کۆمۆنیستی کوردستانە، ئایا ئەو داوایەلەلایەن ئێوەوەپەسندە، ئەگەر پەسندە، بۆ، ئەگەر نا بۆ؟

وەڵام: سەرەتا ئەوەبڵێم داوای ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی ڕێکخراوی ئێمە، "جیا بوونەوەی کۆمەڵەلەحیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ پێك هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان نییە". ئەگەر وا

بوایە، ئەو داوخوازەلەوەی ئێستایان باشتر و لەپێشتر بوو و لەوانەبوو پاش دروستکردنی "حیزبی کۆمونیستی کوردستان" نزیکترین دۆستی ئیمەبووایەن. من باوەرم وایەبەشێك لەکێشەکەی ئێمەلە سەر نەفسی کۆمۆنیزم و دەور و تەئسیر و پراتیکی ئەم جیهان بینییەبۆ خەباتی ئێستا و دوا رۆژە. بەباوەری من ئەوەی ئەم هاورێیانەی ئێمەداوای دەکەن کۆمۆنیزم نییە، بەڵکوو لەباشترین حالەتی خۆی دا بەکوردستانی کردنی سۆسیال دێمۆکراسی ئۆروپایی یە. ئەوان بەبیانوی سەنعەتی نەبوونی کوردستان و بگرەئێران شۆرشی کرێکاری و سۆسیالیستی بەناوی ئەوەی کەسۆسیالیزم بەتەنیا لە یەك وڵات جی بەجی نابێ رەت دەکەنەوە. خوازیاری گەشەی ئابووری و پیشەسازی لەوڵاتن، بەلام باسی ناکەن کەرەنج و ئازارەکانی پیشەسازییەکی ئەوتۆ لەسەرشانی چ کەس و چ چینێك دەبێت؟ ئەوان حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەبە"ستالینسم" تاوانبار دەکەن، بەلام فەرامۆشی دەکەن کەستالین و"ستالینسم" بەرهەمی شکستی شورشی کرێکاری، لەگۆڕنانی مارکسیسم و ئامانجی کۆمۆنیستی و زیندوو کردنەوەی ناسیۆنالیزمی روسی، لە قەوارەی گەشەی ئابووری و سەنعەتی دا و مەوعیزەی سازشی چینایەتی و سەرئەنجام ماڵوێرانی بۆ چینی کرێکاری روسیەوهەموو جیهان بوو. باس لەسەر ئیتهام وەشاندن و شەرەقسەی هەرزەکارانەنییە،بەلام لەسیاسەت و کردەوەدا ئەو بۆچونەبەگشتی نەك تەنها کۆردستانی یان ئیرانیش نییە، بەلکوو جیهانیەو بەپێچەوانەوەدەقاودەق ستالینیستیە. هەشتا سال پاش کارەساتی ستالین و دار و دەستەکەی لە شورەوی پێشوو هێشتا دووکەڵەکەی دەچێتەچاو کۆمۆنیستەکانی ئەمرۆ. بە باوەری من ڕوانگەو جیهەتی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی ناو کۆمەڵەو حیزب زیاتر لەگەڵ ستالین و ستالینسم دێتەوەنە ک پێچەوانەکەی.

سەبارەت بەپەسەند کردن یا نەکردنی داوای ئۆپۆزسیۆن لەلایەن حیزبەوە، دەبێ بڵێم، هەر وەك خۆیان وتوویانەداواکەی ئەوان لەسەر گۆرینی قالب و چوارچێوەی رێکخراوەیی نییە، بەڵکوو دژایەتی لەگەڵ هەموو سیاسەت، ستراتێژ و مێژووی حیزب و کۆمەڵەیە. ئەوەی کە ئەوان تەنانەت بەناوی کۆمەڵەیشەوەدەیلێن و ئەگەر بەفەرز هەمووشمان ئەوەبلێن کەئەوان داوای دەکەن، بە باوەری من ئاسەوارێك لەکۆمەڵەی کۆمۆنیست و مارکسیست کە تا ئێستا چالاک بووە نامێنیتەوەو دەبێت بەلقێکی دیکەلەلقەکانی سازمانی زەحمتکێشانی کۆرڕستان کەهەر بەهوی ئەو جیاوازیانەوەلەگەل کۆمەلەنەمان. هەر بۆیەئاخرین مەرجەع و ناوەندی پڕیار دان واتەکۆنگرەی١٣ی کۆمەڵەکەهاوینی ئەمساڵ بەسترا لەباری فکری و سیاسی وڵامی ئەو کەسانەی دایەوەو جوابی نەهایی تەشکیلاتیشی سپارد بەکۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. کۆمیتەی ناوەندی حیزبیش مانگێك پاش کۆنگرەی کۆمەڵەبەسترا و وڵامی تەشکیلاتی بە شێوەی رەسمی و عەلەنی دایەوەو پێی ڕاگەیاندن بە هۆی ئەوەی کە ویست و داخوازەسیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ئەوان لەگەڵ ڕابردوو و ئێستای حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەناییێتەوە، داواکانیان پەسند ناکرێت و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی "فراکسیۆن"ەکەیانی لێ کردن. بەڵام ئەوان بەجێی ئەوەی ولام بەقەرار و بریارەکانی حیزبی بدەنەوە، شێوازگەلێکی نامۆ بەسۆننەت و تێکۆشانی تا ئێستای کۆمەلەو حیزبی کومونیستی یان بەکار هێناوەکەئاسایی یەلێیان قبول نەکرێت . لەتشکیلاتی ئیمەدا ئازادی تەواوی دەربرینی بیروبۆچوون لەچوارچێوەی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ وهەلسوورانی کەمایەتی ناوخۆی حیزبی،هەتا پێك هێنانی "فراکسیون" هەیە. بەلام حیزب لەناو حیزب دا دروستکردن، کاری نهینی و شاراوەکردن و پێیان وابێت کەس ئاگادارنییە، هێلی سووری نێوانمانەوکەس بۆی نی یە بیبەزینێ. کۆمەلێك لەناو حیزبێك دا کەگەیشتنەئەو قۆناغەی کەلەباری بیر و بۆچونەوە،ئاوا لەگەل ئەو حیزبەنامۆ بن و بگەنەئەو ئاستەی کەنەهینی کاری و کاری ژێربەژێر بکەن، سادقانەتر و شەریفانەتر ئەوەیەکەواز لەو حیزبەبێنن و ئەوەی کەخۆیان باوریان پی یەتی ئەوەبکەن . ئەوەچ شێوەیك لەژیانی سیاسی یەکەباوەرەت بەحیزبێك نەمابێ، پیرەوی ناوخۆی پێ شێل بکەی،چالاکی نەهێنی تێ دا بکەی و تێی دا بمینیتەوە، ئایا ئەوەسوء ئیستفادەکردن لەنیاز پاکی رەهبەری ئەو حیزبەنی یە؟